حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# پەروەردەی ئیسلامی
## قۆناغي بنەڕەتی
## پۆلی سێیەم

**ئامادەکردنی**

فاروق محمد علی عباس
ئازاد عمر سید احمد
واحد حمه صالح

**وەرگێڕانی  لە زمانی عەرەبیەوە**

صادق عثمان عارف

**پێداچوونەوەی زانستی**

د. بشير خليل توفيق
ابوبكر علی كارواني

**پێداچوونەوەی زمانەوانی**

صادق احمد عثمان

سەرپەرشتیی زانستی:

**كريم حسن علي**

نەخشەسازی بەرگ و ناوەوە:

**رەوەند سعيد  صابر**

سەرپەرشتیی چاپ:

**خالد سليم محمود**

فۆتۆ:

**شيرزاد رسول فقي**

جێبەجێکردنی بژاری هونەری :

**نێرگز نورالدين كاكە مصطفى**

چاپی حەوتەم
١٤٤٣ کۆچی - ٢٠٢٢ زایینی - ٢٧٢٢ کوردی

**بەناوی خودای دەهەند و دلۆڤان**

**پێشەکی:**

سوپاس بۆ خودای خاوەن هەمو شتێك، درود و سڵاو لە گەورەی نێردراوان محەمەد ( د.خ ) و لە کەسوکار و یارە باشەکانی و ئەوانەی دوای کەوتون تا ڕۆژی پەسڵان.

وەزارەتی پەروەوەردە لە هەرێمی کوردستان دەرفەتێکی باشی ڕەخساند بۆ خزمەتکردنی ڕۆڵە سەربەرزەکانی بە دانانی کتێبی پەروەردەی ئیسلامی بۆ قۆناغی بنەڕەتی. لێژنەکە بە باشی زانی کۆمەڵێك دەقی قورئان و فەرمودەی پیرۆزی پێغەمبەر ( د.خ )و هەندێك پەرستشی تێدابێت و ئەم بابەتانە بەگوێرەی فەرمودەکانی پێغەمبەر ( د.خ ) پێشکەشکراون و لە ڕاڤەی فەرمودە و دەقەکاندا ڕەچاوی ڕونی و بەردەستختستنی شوێنەکانی مەزنیمان کردوە و بەستنەوەی ئەم ڕێنماییە بەرزانە بەژیانی ڕاستەقینەی ڕۆژانەمان .

ئەمەش ئەرکمانە بەرانبەر نەوەکانمان. بەڵام مامۆستا بەڕێزەکان ئەرکی خۆیان باشتر دەزانن و شوێنی بەرپرسییان داکۆکی زیاتر دەکەن و ئەوان بروایان بەوەیە کە دەیڵێنەوە بەشێوەیەکی بابەتی و زانستییانەی دور لە دەرچون بۆ بابەتی تر و زێدەڕۆیی، ئەو پشت دەبەستێت بە ڕێگەی گفتوگۆ و چالاکی ئاسانی گونجاو لەگەڵ ژیانی قوتابییانی هزری و دەرونی و شوێنەوارییەوە .

هەروەها پێویستە توند وتیژی بەکارنەهێنێت بەهەمو جۆرەکانییەوە بەرانبەر قوتابییان، چونکە قوتابی لەم قۆناغەدا بونەوەرێکی هەست ناسکە و ئامانجمان ئەوەیە، کە بەشەکانی ئەم کتێبە تێبگات بە شێوەیەکی باش و هەست بە بوونی و فێرکردن و گفتوگۆی بونیادنەر بکات و ببێتە ئەندامێکی کارا و بەسود بۆ خۆی و نیشتمانەکەی و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی گشتی و جیهانی ئیسلامی بەشێوەیەکی تایبەتی.

سوپاسی هەر تێبینیەکی بەنرخ یا بیرۆکەیەکی بنیادنەر دەکەین کە لە پسپۆر و پەیوەندیدارە بەڕێزەکانەوە بە دەستمان بگات، تا سودی لێوەرگرین لە چاپەکانی داهاتووی ئەم بەرنامەیەدا.

**خودا پەناگەی سەرکەوتنە...**

**لیژنەی دانان**

# وەرزی یەکەم

**مامۆستای بەڕێز ...**

هیچ کام لەم ئایەت و فەرمودانەی ناو ئەم
کتێبە بۆ لەبەرکردن نین.

# وانەی یەکەم
# لە ناوە پیرۆزەکانی خودا

**الخالق** - ئافەریدە و بەدیهێنەری گشت بونەوەران لە نەبوونەوە.

**الاول** - ئەو کەسەی بەر لە ئەو هیچ شتێك نەبووە.

**الآخر**- ئەو زاتەی هەر خۆی دەمێنێتەوە و هیچ شتێك ناکەوێتە دوای ئەو.

**الکریم**- بەخشەر و خاوەن بەخشینە بە بەردەوامی.

**المؤمن**- ئەو بەندەکانی لەترسان دڵنیا دەکات .



# وانەی دووەم

# گرنگی کارکردن

ئیسلام ئاینی کارکردن و کۆششکردن و هەوڵدانە. داوا لە موسوڵمانان دەکات کاربکەن و سەربەرزانە بژین، هەروەها دژی تەمبەڵی و کات بە فیڕۆدانە، هەر وەك خودای گەورە فەرمویەتی :((وَقُلِ اعْمَلُوا فَسَيَرَى اللَّهُ عَمَلَكُمْ...)) (التوبة ١٠٥) .

خێزانی (سامان) لە گوندێکی کوردستانی ئازیزدا دەژین. باوکی جوتیارە، بەیانیان زو، چالاکانە دەچێتە نێو کێڵگەکەی. بەهیوای بەدەستهێنان و زیادکردنی بەروبوم. دایکیشی بە سەرپەرشتی و بەخێوکردنی ئاژەڵ و ماڵاتەوە خۆ خەریك دەکات.

سامان هاوکاریی دایبابی دەکات، هاوکات ڕۆژانە دەچێتە قوتابخانە، تا ئایندەیەکی گەش بۆ خۆی و نەتەوەکەی دەستەبەر بکات.

هەر کارێك سودی گشتی تێدابێت خودای گەورەش بەرز دەینرخێنێت و پیرۆزیدەکات، وەك لە ئایەتە پیرۆزەکەی سەرەوەدا هاتووە. هەر کەسێکیش پاداشتی کارەکەی وەردەگرێت و ڕەنجی بێبەر نابێت، چونکە خودای میهرەبان خۆی بینەر و بەئاگایە لە هەمو کۆششێك وەك دەفەرموێت: ( وَأَنْ لَيْسَ لِلْإِنْسَانِ إِلَّا مَا سَعَى)(٣٩) وَأَنَّ سَعْيَهُ سَوْفَ يُرَى(٤٠) (النجم (٣٩)(٤٠).

**گفتوگۆ :**

١- بۆچی خێزانی سامان ئاژەڵ بەخێودەکەن ؟

٢- باوکی سامان چ کارێك دەکات ؟

٣- بۆچی خودای گەورە داوا لە باوەڕداران دەکات کاربکەن و بۆ ئەوە هانیان دەدات ؟

٤- کاری قوتابییان  کۆششکردن و یارمەتیدانی دایبابە) لەم دەستەواژەیە بدوێ.

**چالاکی :**

سامان هاوکاریی هاوڕێیانی دەکات لە پاکژکردنەوەی پۆلەکەیاندا.

بینوسەوە :

(وَقُلِ اعْمَلُوا فَسَيَرَى اللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُ وَالْمُؤْمِنُونَ...).

**نزا:**

خودایە من پەنا بە تۆ دەگرم لە دەستەوەستانی و تەمبەڵی.

# وانەی سێیەم
# (سورەتی العصر)

ئازاد لە نەوزادی هاوڕێی پرسی: ڕۆژانە چۆن کات بەسەر دەبەیت ؟

**نەوزاد** : بە یاری تۆپی پێ.

**ئازاد** : ئەی کاتەکانت ڕێکنەخستوە ؟

**نەوزاد:** نەخێر ئیتر منیش کاتەکانم وەك تۆ ڕێکدەخەم.

**ئازاد** : هاوڕێێ خۆشەویستم ، بزانە کات بە نرخە لەبەر ئەوە پێویستە پلانمان هەبێ و دابەشی بکەین بۆ چەند کارێکی سودبەخش وەك نوێژکردن، حەسانەوە، جێبەجێکردنی ئەرکەکانی قوتابخانە، یاری، سەردانی هەڤاڵان، خوێندنەوەی هەندێك چیرۆك، فێربونی قورئان و سەردانی خزمان. هەر لەبەر گرنگی کات خودای گەورە سوێندی پێدەخوات:

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

وَٱلۡعَصۡرِ (١) إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَفِي خُسۡرٍ (٢) إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ
وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ (٣)

سوێندی بە کاتی عەسر، یان بە زەمان و سەردەم خواردوە چونکە لە بەڵگە و ئایەتەکانی خۆیەتی.

خودای گەورە لەم سورەتەدا فێرمان دەکات، کە ئەگەر مرۆڤ باوەڕدار نەبێت و کاری چاکە نەکات و شتی ڕاستی خۆشنەوێ و لەکاتی پێوستدا ئارام نەگرێت، ئەوا لای خودا و لە ژیاندا سەرکەوتو نابێت.

**گفتوگۆ :**

١- دەتوانیت هەندێك کردەوەی چاکە بڵێیت ؟

٢- قوتابی پێشەنگ، دەبێت چۆن بێت ؟

٣- بۆ ئەوەی مرۆڤ لە ڕوانگەی خوای گەورەوە سەرکەوتو بێت دەبێت چی بکات ؟

**سود :**

خـــودای گـــەورە هانمـــان دەدات ســـود لـــە کاتەکانمـــان ببینیـــن، چونکـــە قەرەبـــوو ناکرێتـــەوە و زیـــان دەکەیـــن.



یاریگا



سەردانی هاوڕێیان



قوتابی لەکاتی بەجێهێنانی ئەرکەکانی

# وانەی چوارەم
# دەست هەڵگرتن لە ئازاردان

پێغەمبەرمـان ( د.خ ) فەرمویەتـی: (موسـوڵمان ئـەو کەسـەیە موسـوڵمانانی دیکـە بـە زمـان و دەسـتی ئـەو زیانیـان پـێ نـەگات) ڕێـژوان قوتابییەکـی چـالاك و زیرەکـی پۆلـی سـێیەمی بنەڕتییـە و هاوڕێیەکانـی خۆشـیان دەوێـت، ڕۆژێـك لە ڕێـی قوتابخانـەدا پیاوێکـی بەسـاڵاچووی بینـی دەیویسـت بپەڕێتـەوە بـۆ ئـەو بـەری شـەقامێك بۆیـە ڕێـژوان دەسـتی گـرت و پێیگـوت : مامە گیـان بـا یارمەتـی پەڕینـەوەت بـدەم، پیاوەکـەش سوپاسـی ڕێژوانـی کـرد، پاشـان ڕێـژوان بـە مەبەسـتی کڕینـی ئاوێـك چـوو بـۆ فرۆشـگایەك و دوای کڕینـی ئاوەکـە چـاوی بـە ڕاسـت و چەپـی خۆیـدا گێـڕا، تـا سـەبەتەیەکی خاشـاکی بەدیکـرد (دەفـرە) بۆشـەکەی خسـتە نـاوی و بینـی کەسـێکی تـر دەفرێکـی پلاسـتیکی بۆشـی فڕێدایـە ناوەنـدی ڕێـگا، ئەویـش هەڵیگرتـەوە و فڕێیدایـە نـاو سـەبەتەی خاشـاك. لـەو سـاتەدا ڕێکانـی هاوڕێـی تێپـەڕی و پێیگـوت: ڕێـژوان بـۆ ئەوەنـدە چـاوت دەگێـڕا بـۆ دۆزینـەوەی سـەبەتەی خاشـاك، (دەفرەکـە)ت لـە ڕۆخـی شـەقامەکە فڕێبدایـە دواتـر کارمەندانـی پاکـژی هەڵیاندەگرتـەوە و دەیانخسـتە نـاو سـەبەتەی خاشـاك.

ڕێـژوان ئـەم قسـەیەی لاپەسـەند نەبـوو بۆیـە گوتـی: بـەڵام مـن دەمەوێـت بەشـداربم لـە شـکۆمەندی جوانـکاری شـارەکەمدا و لـە ئەرکـی کارمەندانـی پاکـژی کـەم بکەمـەوە. ئایـا تـۆ ئـەو وانەیـەت لەبیرکـردوە هەفتـەی ڕابـردو مامۆسـتای پـەروەردەی ئیسـلامی بـۆی ڕاڤەکردیـن کـە پێغەمبەرمـان ( د.خ ) فەرمویەتـی: (موسـوڵمان ئـەو کەسـەیە موسـوڵمانان لـە زیانـی زمـان و دەسـتی پارێـزراو بـن) . منیـش دەمەوێـت پەیڕەوی ئـەم فەرمودەیـەی پێغەمبـەر( د.خ ) بکـەم.

چالاکی بەزار و کردار :

١- نمونەیەك بهێنەوە چۆن کەسانی دیکە لە زمانت پارێزراوبن ؟

٢- بە نمایشێکی شانۆیی کردەیی بیسـەلمێنە، چۆن کەسـانی تـر لـە زیانـی زمـان و دەسـتی تـۆ پارێـزراو بـن.

# وانەی پێنجەم
# وازهێنان لە دەستوەردان لە کاروباری خەڵك

پێغەمبەرمان (د.خ) فەرمویەتی: (**لە نیشانە چاکەکانی مرۆڤی موسوڵمان دەستوەرنەدانە لە کارێك پەیوەندی بەوەوە نەبێت**). دەگێڕنەوە سێ کەس بۆ چارەسەری کێشەیەکی پەیوەست بە دروستکردنی خانویەك کۆبونەوە. پیاوێکی تر بێ ئەوەی مۆڵەتیان لێوەرگرێت هاتە نێوانیان و پاش کەمێك، بەدەنگی بەرز گوتی:

من بەباشی دەزانم ئەندازەیەك لەو پارچە زەوییەی نزیکتان بخەنە سەر زەوییەکەی خۆتان و فراوانی بکەن، ئەوانیش پێیان گوت: خاوەندارییەتی ئەو پارچە زەوییە بۆ کەسێکی تر دەگەڕێتەوە ئێمە ئەو مافەمان نییە کاری وا بکەین.

یەکێکیان کە ناوی دڵشاد بوو فەرمودەکەی سەروەری پێغەمبەری (د.خ) بە بەڵگە هێنایەوە پاشان ڕویکردە فەرهاد و گوتی: بینیت چۆن ئەو پیاوە بێ ئەوەی پەیوەندی بە کارەکەمانەوە هەبێت و مۆڵەت وەرگرێت هەڵیدایە و قسەی کرد ؟

**فەرهاد:** بێگومان ئەوە کەسێکی نەزان و زێدەگۆ بوو.

**دڵشاد:** دیارە ئەو نەیدەزانی کە باشتر وایە موسوڵمان ئاکاری جوان بکاتە کاڵا و سیمای خۆی، چونکە ئاینەکەمان خۆی پوخت و جوانە و ئاکاری جوانیشی لە هەڵگرانی دەوێت کە یەکێك لەوانە (وازهێنانە لە کارێك پەیوەندی بە تۆوە نەبێت).

**فەرهاد:** باشە گەر کەسێك ئارەزوی قسەکردنی لە کارێکدا هەبو بەڵام ڕێی پێنەدرا، یان داوای لێنەکرا بو ئەو کات هەڵوێستی چی دەبێت ؟

**دڵشاد:** گەر هەڵوێستەکە بێدەنگی خواست، دەبێ بێدەنگ بێت، چونکە ئەوانەی دەست وەرنادەنە کاری کەسانی دیکەوە ڕێزدار و خۆشەویستن . کەواتە دەبێ مرۆڤەکە خۆی بناسێت و ڕێزی خۆی بگرێت و لە کاروباری ئەوانی تر بەبێ مۆڵەت وەرگرتن لێیان قسە نەکات، بۆ ئەوەی هەست بە شەرمەزاری نەکات. دەبێت زمانی بگرێت، هەر زمانە دەبێتە هۆی تیاچوونی خاوەنەکەی ئەگەر سنوری بەزاند وەك گوتراوە (کوشتنی مرۆڤ لە نێوان دوو شەویلاکەکەیەتی).

## ڕاهێنان

**١- وەڵامی ڕاست لەنێوان کەوانەکاندا هەڵبژێرە.**

ئـ - ئەگـەر هاوڕێکـەت چەنـد نهێنییەکـی خـۆی هەبـو (پرسـی لەبـارەوە بکـە ) - (کارت بەسـەرییەوە نەبێـت).

**ب - ئەگەر دو کەس بە چرپە قسەیان دەکرد.**

(لێیان نزیك ببەوە) - (لێیان دور بکەوە).

**پ - ئەگەر کەسێك بەسەردان چوو بۆ ماڵی دراوسێیەکەت.**

(لێی دەپرسی ناوت چییە و بۆچی دەچی؟ ) - (لە خۆتەوە هیچ ناپرسیت).

**٢- چالاکی :**

کەسـێك لـە شـوفێری ئۆتۆمۆبێلێکـی وەسـتاو دەپرسـێت: بۆچـی وەسـتاوە؟ ئایـا بەلاتـەوە ڕاسـتە؟ بۆچـی؟



# وانەی شەشەم
# دانایی پێغەمبەر (د.خ)

سـەرۆ قوتابییەکـی ژیـر و زیـرەك بـوو، بیـری لـە نـاوەرۆك و نهێنـی کارەکان دەکـردەوە، دەیویست بـە تـەواوی لـە ڕوداوەکان تێبگات. جارێـك گوێـی لـێ بـوو گوتاربێژێـك باسـی دروستکردنی (کعبة) دەکات لـە مەککـەی پیـرۆز، بۆیـە دواتـر لـە زانایەکـی ئاینـی پرسـی: مامۆسـتای بەڕێـز، بۆچـی قورەیشـیەکان سـەرلەنوێ کەعبەیـان دروسـتکردەوە؟

زاناکـە گوتـی: چونکـە، کەعبـەی پیـرۆز دیوارەکانـی لـە داڕوخـان و کەوتنـدا بـو، سەریشـی نەگیرابـو بۆیـە ناچاربـون نۆژەنـی بکەنـەوە.

سەرۆ: ئەی چۆن کارەکانیان دەستپێکرد، هۆکاری جیاوازی لە بۆچونەکاندا چی بوو؟

مامۆسـتا: هەمـوان بەشـداربون لەکارکـردن تێیـدا، تـا دیوارەکـە گەیشـتە جێـی دانانـی بـەردە ڕەشـەکە، لەوێـدا کێشـە ڕویـدا بەهـۆی ناکۆکییـان دەربـارەی ئـەوەی شـەرەفمەندی دانانـی بەردەکـە بـۆ کێبێـت؟ تـا کار گەیشـتە ئاسـتی پێکـدادان.

سەرۆ: ئەی لەسەرچی ڕێککەوتن و پێکدادان ڕوینەدا؟

مامۆسـتا: پێکهاتـن کـە چاوەڕێ بکـەن تـا ئـەو کەسـەی دێتـە ژورێ لـە دەروازەی ماڵـی خـوداوە بکرێتـە دادوەر و بڕیـاری جێبەجـێ بکـەن. بەویسـتی خـودا ئـەو کەسـە (محمـد الامیـن) بـو هەمـوان ڕازی بـون بـە یـەك دەنـگ گوتیـان (الامیـن) هـات، بـە بڕیـاری ڕازیـن .

سەرۆ : باشە ئەی چۆن کیشەکەی چارەسەر کرد؟

مامۆستا : کە محەمـەد (د.خ) تێگەیشت کێشـەکە چییـە عەباکـەی سەرشانی ڕاخست و گوتـی: هـەر سـەرۆك هۆزێکـی ناکـۆك لـە گۆشـەیەکەوە بـەردە ڕەشـەکە بـەرز کەنـەوە تـا بەیەکـەوە گەیاندیانە جێـی مەبەسـت و بـە دەسـتی پیـرۆزی لـەو جێیـەدا لە دیوارەکە داینا و بـەو شێوەیە ئـەو ئاگـرەی کوژانـدەوە و کۆتایـی بـە کێشـەکە هـات.

١- چەند پرسیارێك :

ئ - کەعبەی پیرۆز لە چ شارێکدایە؟

ب- هۆی چی بو قورەیشیەکان کەعبەیان بیناکردەوە؟

پ- لـە دروسـتکردنەوەی دیـواری کەعبـەدا، کاتـی دانانـەوەی بەردەڕەشـەکە کێشـەیەك سـەریهەڵدا، هۆیەکە چی بـوو؟

ت- ئایا گەیشتنە هیچ ڕێکەوتنێك؟ چۆن بوو؟

٢- زانیاریم زیاتر دەكەم: (كعبة) واتە ماڵی خودا، دەكەوێتە مەككەی پیرۆز، ڕوگەی نوێژە بۆ موسوڵمان.

٣- خۆم تاقیدەكەمەوە :

ئـ- ئەگەر ناكۆكییەك لە خێزانەكەمدا، یان لەنێوان هاوڕێیانم سەریهەڵدا، هەوڵدەدەم هۆكارەكەی بزانم.

ب- پاشان بەڕێگەی لە یەكگەیشتن و لە یەك نزیكبونەوە چارەیدەكەم.

پ- دەخوازم لایەنەكانی كێشە بە یەكەوە كۆببنەوە و بەئارامی چارەسەری بكەن.

**چالاكی:**

بـا مامۆسـتا ( لیژنەیەكـی) سـێ كەسـی پێكبهێنێـت بـۆ چارەسـەری هـەر كێشـەیەك كـە سـەرهەڵدەدات.



# وانەی حەوتەم
# هاوڕێیەتی پڕ سۆز و میهرەبانی

ڕۆژێك جێنشینی دووەم (عومەر كوڕی خەتاب) لەگەڵ منداڵەكانی یاریدەكرد و دەیلاواندنەوە، ئەوانیش خۆشحاڵ و شاد بوون. لەو كاتەدا كەسێك هاتە لای عومەر و منداڵەكان شوێنەكەیان بەجێهێشت لەبەر میوانەكە. ئەو پیاوە یەكێك بو لە فەرماندەكانی جێنیشین بۆ ناوچەیەك. هاتبوو فەرمان وەرگرێت و بڕوات بۆ سەركاری خۆی. كە ئەو دیمەنەی بینی سەری سوڕما و لە جێنشینی پرسی: ئایا چۆن بەڕێزت (گەورەی موسوڵمان)ی یاری لەگەڵ منداڵان دەكەی؟

عومەر لێی پرسی: ئەی تۆ چۆن ڕەفتار لەگەڵ منداڵەكانت دەكەیت؟!

گوتی: قوربان تا ئێستا هیچ كام لە منداڵەكانم ماچ نەكردووە! لێرەدا ( عومەر)ی پێشەوای موسوڵمانان هەڵوەستەیەكی كرد و گوتی: تۆ كە لەگەڵ منداڵی خۆت ئەوەندە توندوتیژ بیت بە كەڵكی بەرپرسیاریەتی كەسانی تر نایەیت، بۆیە لەسەر كارەكەی لایبرد و كەسێكی تری ڕاسپارد بۆ ئەو بەرپرسیاریەتیە لە جیاتی ئەو.

**چالاكی :**

١- دەستەواژە ڕاستەكان بە یەك بگەێنە

| | |
|---|---|
| موسوڵمان هاوڕێكارێكی نەرمونیانە | كردارەكان جوان دەكات |
| هاوڕێیەتی پڕ سۆز و میهرەبانی | بۆ منداڵان |

٢- وشەی ( بەڵێ) لەبەردەم وشە، یان دەستەواژەی ڕاست دادەنێم، و وشەی (نەخێر) لە بەردەم وشەی یان دەستەواژەی ناڕاست لەوانەی خوارەوە دادەنێم :

ئیسلام داوای لە شوێنكەوتوانی كردووە كە هاوڕێیەتی منداڵان بە سۆز و میهرەبانی بكەن.

لەبەرئەوەی هاوڕێیەتی بە سۆز و میهرەبانی:

- فەرمانی پێكراوە ( )
- فەرمانی پێنەكراوە ( )

١- وەڵامی ئەو پرسیارانەی خوارەوە دەدەمەوە :

ئ - بۆ دایباب هاوڕێیەتی منداڵانیان بە سۆز و میهرەبانی دەكەن؟

ب- هاوڕێیەتی بە سۆز و میهرەبانی دەبێت چۆن بێت؟

پ- بۆ دەبێت دایباب لەڕوی منداڵانیان بزەیان لەسەر لێو بێت؟

٢- بۆشاییەكە بە وشەی گونجاو پڕ بكەوە:

............ بۆ منداڵەكانم كاتێك قسە دەكەن لەگەڵما.

(قسە دەكەم، ڕێگە دەدەم، گوێ ڕادەگرم).

# سرود

(( بێداری ))

الله اكبر دەمە و بەیانە
سەرەتای ڕۆژ و چالاكی ژیانە
*************

پێش لە تۆ هەستان لە خەو بولبولان
وا گەشانەوە گشت خونچە و گوڵان
*************

بەجیكە جیكیان جوجەڵە و مەلان
لەگەڵ تۆ دەڵێن سوپاس خودا گیان
*************

وا بەیانییە هەستە و بێدار بە
كاتی نوێژ واهات تۆش دەستبەكار بە
*************

هۆنراوەی: صادق عثمان عارف


الله

# وەرزی دووەم



# وانەی یەکەم
# سورەتی (القدر)

ئایدن: داوای لە باپیری کرد، سەبارەت بە مانگی پیرۆزی ڕەمەزان زانیاری بداتێ. ئەویش گوتی: کوڕی شیرینم ئەو مانگە تایبەتمەندی خۆی هەیە لە نێوان مانگەکانی ساڵدا، چونکە قورئانی پیرۆزی تێیدا دابەزی بۆ سەر پێغەمبەری خۆشەویستمان محمەد (د.خ) و بە مانگی قورئان ناسراوە، مانگی (خێر و بەڵاگێڕی و گوێڕایەڵی و پەرستنە. خودای گەورە بەڕۆژوبوونی ئەم مانگەی لەسەر موسوڵمان پێویست کرد).

ئایدن : ئایا ئەم مانگە گەورەیی تری هەیە؟

باپیرە: بەڵێ لەم مانگەدا شەوێکی پیرۆزی تێدا هەیە و ئەویش شەوی (القدر)ە لە دە شەوی کۆتایی ڕەمەزانە. وەك خودا دەفەرموێت:

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ فِي لَيۡلَةِ ٱلۡقَدۡرِ (١) وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ (٢) لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ خَيۡرٞ مِّنۡ أَلۡفِ شَهۡرٖ (٣) تَنَزَّلُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ فِيهَا بِإِذۡنِ رَبِّهِم مِّن كُلِّ أَمۡرٖ (٤) سَلَٰمٌ هِيَ حَتَّىٰ مَطۡلَعِ ٱلۡفَجۡرِ (٥)

واتا: ئێمە قورئانمان ناردە خوارەوە لە شەوی قەدر. تۆ چوزانیت شەوی قەدر چییە، شەوی قەدر لە هەزار مانگ خێرترە.(کە دەکاتە هەشتا وسێ ساڵ و چوار مانگ).

**گتفتوگۆ :**

١- تایبەتمەندی مانگی ڕەمەزان لە چیدایە؟

٢- شەوی (القدر) چییە؟

٣- ڕۆژو بەڵگەی چ شتێکە؟

٤- گرنگی شەوی قەدر لە چیدایە؟

٥- شەوی قەدر لەگەڵ خێزانەکەتدا چۆن بەسەردەبەیت؟

**نزا** ... خودایە ... ڕۆژو و نوێژەکانمان لێ وەرگرە.

**سود :** خودای گەورە پاداشتی ئەو چاکەکارانە دەداتەوە کە هاوکاری هەژاران دەکەن.

# وانەی دووەم
# سورەتی (الكوثر)

بەمەبەستی بەجێهێنانی نوێژی هەینی وەك هەمیشە سالار لەگەڵ باوکی ڕۆیشت بۆ مزگەوتە نزیکەکەیماڵیان، مامۆستای پێشنوێژ لە ناو نوێژدا سورەتی (کوثر)ی لەدوای سورەتی (فاتیحە) خوێند. دوای گەڕانەوەیان بۆ ماڵەوە, سالار داوای لە باوکی کرد تا واتای سورەتی (کوثر)ی بۆ لێکبداتەوە.

باوك گوتی: کاتێ کوڕەکانی پیاوێك ئەمردن قورەیش ئەیان گوت فلان بێ کوڕ ماوە. جا کاتێ (ئیبراهیم)ی کوڕی پێغەمبەر (د.خ) مرد هاوبەشکاران گوتیان محەمەد بێ کوڕ کەوت، خودای گەورەش سورەتی (الكوثر)ی دابەزاند.

بِسۡمِ اللَّهِ الرَّحۡمَٰنِ الرَّحِيمِ

إِنَّآ أَعۡطَيۡنَٰكَ ٱلۡكَوۡثَرَ (١) فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنۡحَرۡ (٢) إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ ٱلۡأَبۡتَرُ (٣)

واتا : ئێمە ئاوی (کوثر) مان دایە تۆ و تۆش نوێژ بۆ خوات بکە و قوربانی بکە و بێگومان دوژمنت بێ کوڕ و وەچەیە، پاشان: خوای میهرەبان خێری زۆری لە زانست و شکۆی لە هەردوو جیهاندا بەخشییە پێغەمبەرەکەی و وەچەشی تا ڕۆژی دوایی بەردەوام دەبێت و نابڕێتەوە.

سالار گوتی: بابە گیان سوپاست دەکەم بۆ ئەم زانیارییە پڕ مانا و بەهایە.

**گفتوگۆ :**

- لە تەنگانە و قەیرانەکاندا پەنا بۆ کێ دەبەین؟
- لە شەو و ڕۆژێکدا چەند جار نوێژ دەکەین؟

**سود:**

پێویستە کاری چاکە بکەین و بانگهێشتیشی بۆ بکەین، هەروەها دوربین لە گشت کارێکی ناپەسەند و تێکدەرانە. مرۆڤی باوەڕدار نابێت گوێ لە قسەی خراپی هەندێ کەس بگرێت، خراپە و خراپەکارانی سەرەنجام بەشیان تیاچونە.

**نزا**...پەروەردگار درود و سۆزت بەسەر محەمەد و کەسوکار و یارو یاوەرە بەڕێزکانیدا بڕێژە

# وانەی سێیەم
# گوێڕایەڵی خودا لە گوێڕایەڵی دایبابدایە

لە شاری سلێمانیدا خێزانێکی چوار کەسی بەختەوەر هەبوون، بەیانیان باوکیان زو لە خەو هەڵدەستا و هەندێك زیکری دەکرد، یەکێك لە وانە:(بەناوی خودایەك کە هیچ شتێك لە پەنای ئەودا زیانی پێناگات، نە لە زەوی و نە لە ئاسماندا، هەر ئەویش بیسەر و زانا و بە ئاگایە لە هەمو شتێك).

بەدوای هەستانی دایبابدا کوڕەکەی لە خەو ڕادەبوو، پاش سڵاوکردن، دەست و دەموچاو شوشتن، پێکەوە لەسەر خوانی بەیانی کۆدەبوونەوە، دایکیان بە دڵخۆشییەوە: تەمەنی درێژ و پڕ خێرتان بۆ دەخوازم.

باوکیان کە چاوی بڕیبووە کورکەی چۆن بە دەستی ڕاست خواردنی هەڵدەگرت و دەیگوت (بسم الله)، زۆر پێی دڵشاد بوو گوتی کوڕم وا من دەڕۆم بۆ فەرمانگە بۆ سەرکار تۆش دەچی بۆ فرۆشگا؟ بەڵێ بابە گیان تا نزیکی نیوەڕۆ لەوێ دەبم، پاشان خۆم ئامادە دەکەم و دوای نیوەڕۆ دەچم بۆ قوتابخانە.

باوکی سپاس و ئافەرینی لێکرد.

کچەکەیان مۆڵەتی لێوەرگرتن تا بچێت بۆ قوتابخانە، دایکی گوتی: باشە کچم تۆش بڕۆ بۆ کاری خۆت و بەخودات دەسپێرم.

کاتی چوونە قوتابخانەی کوڕەکەیان نزیك بووە و دەرگای فرۆشگای داخست و گەڕایەوە ماڵەوە تا ژەمی نیوەڕۆ بخوات و خۆی ئامادە بکات بۆ چوونە قوتابخانە وانەی یەکەم، پەروەردەی ئیسلامییان هەبوو، بابەتەکەش (گوێڕایەڵی خودا لە گوێڕایەڵی دایبابدایە) بوو.

مامۆستا دەستیکرد بە ڕاڤەکردنی بابەتەکە و گوتی:

ڕۆڵەکانم، گوێڕایەڵی، واتا گوێگرتن بۆ ئەو شتەی داوامان لێدەکرێت یان لێمان قەدەغە دەکرێت، بە ڕەزامەندی خۆمان بیکەین یا نەیکەین. پاش ئەوەی زانیوتانە پلە و پایەی دایباب لای خودا چەند بەرزە ( ڕۆڵەکانم ) باڵی میهرەبانیان بۆ ڕابکێشن، تا تەمەنیشیان بەرەو هەڵکشان بچێت پێویستە ملکەچتریان بن، وەك خودای بەسۆز دەفەرموێت: (وَاخْفِضْ لَهُمَا جَنَاحَ الذُّلِّ مِنَ الرَّحْمَةِ وَقُلْ رَبِّ ارْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيرًا) (الإسراء٢٤).

توانا: بڕیاری دا کە گەڕایەوە ماڵەوە دەقی ئامۆژگارییەکانی مامۆستا بۆ دایبابی بگێڕێتەوە.

## ڕاهێنان :

١- چەند پرسیارێك لەسەر دەقەكە :

ئـ- ئەندامانی خێزانەکەت کێن؟ ناونوسیان بکە لەم بۆشاییانەی خوارەوەدا:

باوك ............... دایك ............. برا ............ خوشك ............. .

ب- کێ بوو هاوکاریی باوکەکەی دەکرد؟ هاوكارییەكە لە چ بوارێكدا بوو؟

٢- ئەم لاکێشانەی خوارەوە پڕ بکەوە:

ئـ - كورڕم ، ئایا تۆش دەچیت بۆ ............... ؟

ب- کچەکە گوتی دایە، وامنیش دەچم بۆ ...............

ج- وانەی یەکەم پەروەردەی ئیسلامی بوو، بابەتەکەشی ...............

٣- ئەم وشانەی خوارەوە ڕاڤە بکە:

ا - الانقیاد ب - اللین ج- الخضوع

٤- خۆم ڕادێنم کە:

ئـ- ئەگەر دایکم بانگم بکات، بەمجۆرە وەڵامی دەدەمەوە: بەڵێ دایە گیان بفەرموو چیت دەوێت.

ب- ئەگەر باوکیشم تینو بوو، بێ دواکەوتن بەڕێزەوە ئاوی بۆ دەبەم.

پ- هەروەها ئەگەر باوکم داوایکرد لە هەندێ کاتدا لە ماڵ نەچمە دەرەوە، گوێڕایەڵی دەبم و سەرپێچی ناکەم.

# وانەی چوارەم
# دڵسۆزی لە بەجێهێنانی ئەرکدا

پێغەمبەری خودا (د.خ) دەفەرموێت: (خودای گەورە خۆشی لەوە دێت هەر کارێکتان جێبەجێکرد پوخت و تەواو بێت).

رۆژێك (ڕەوەز) بە هاوڕێیەکەی (ڕامان) گەیشت، خەمبار و دڵتەنگ و تەنیا بوو، سەبارەت بەو ڕەوشە لێی پرسی: ئێمە قوتابین و ئێستا کارەکەمان ئەوەیە دەبێت کۆشش بکەین، ڕامان بۆ دڵتەنگی؟ ئەویش لە وەڵامدا گوتی: ئەی نەتزانیوە لە زۆرینەی وانەکاندا دەرنەچووم. ڕەوەز لەگەڵ ئەوەی دڵی هاوڕێکەی دایەوە و داوایلێکرد کۆڵنەدات، بۆی ڕونکردەوە کە سەرکەوتن لە خوێندندا بەندە بە ڕێکخستنی کات و هەل بەفیڕۆنەدان، زیرەکی بە تەنیا بەس نییە. بۆیە ڕامان دوای سوپاسکردنی، بە پەرۆشەوە پێی گوت: هەرچەندە کۆشش دەکەم بەڵام دەرناچم.

ڕەوەز گوتی: هاوڕێی خۆشەویستم، ئەوە بە جوانی کۆشش ناکەی و بە چڕی ناخوێنیت هەر بە ناو کۆشش دەکەیت، پێویستە هەر یەکەمان ڕۆژانە کاتەکانمان ڕێکبخەین و بە وانەکاندا بچینەوە و خۆ ئامادە بکەین بۆ ڕۆژی داهاتو تا لە تاقیکردنەوەدا سەرکەوتوو بین و ئەنجامی باش بەدەست بێنین، گەر ئەرکەکانمان بەجێهێنا واتا پشتگوێمان نەخستوە و ئەمەش بە مانای ڕێزگرتن لە کات دێت، هەروەها هێنانەدی تەواوی وتەکەی پێغەمبەری خودایە (د.خ) کە فەرمویەتی: (خودای گەورە ئاگادارە چی دەکەین).

**چالاکی :**

١-چالاکییەکی کردەکی سەبارەت (ئەرك بە جێهێنان) جێبەجێ بکە و بە فەرمودەیەکی پێغەمبەر (د.خ) بەڵگەی بۆ بهێنەوە .

٢-چالاکییەکی زارەکی، سەبارەت بە ڕێزگرتن لەکات ئاماژە پێ بکە.

**بەڵگەهێنانەوە بە فەرمودە بەهاوکاریی مامۆستا دەبێت.**

# وانەی پێنجەم
# دراوسێیەتی باش

**ڕەوەند بە باوکی گوت:**

بابە گیان ئەمڕۆ مامۆستاکەمان سەبارەت بە دراوسێیەتی و ئەرکی مرۆڤ بەرانبەر هاوسێیەکەی بە گوێرەی ئاینی ئیسلام و بوارە جۆراوجۆرەکانی و پەیوەندی نێوان دراوسێکانی بۆ باسکردین، ئاماژەی بۆ پیرۆزی مافەکانی نێوان دراوسێیەکان کرد، کە چۆن مرۆڤ ناتوانێ بە تەنیا بژی و پێویستی بە کەسانی دەوروبەری هەیە، تا لە ژیانی کۆمەڵایەتی و مەدەنی سەرکەوتو بێت.

هەروەها گرنگی دراوسێ و پەیوەندی باشی نێوان دراوسێکانی بۆمان باسکرد لەبەر ئەوەی ئەوان وەك کەسوکارن بۆ یەکتر. لەبەر ئەوە پێویستە مرۆڤی موسوڵمان ڕێزی دراوسێیەکەی بگرێت و دەست لە ئازاردانیان هەڵگرێت و کاتی پێویست یارمەتییان بدات. تەنانەت ئاینی پیرۆزمان ئەو پەیوەندییەی بە پایەیەکی گرنگی باوەڕ هەژمار کردوە، وەك پێغەبەرمان محەمەد (د.خ) لەو ڕووەوە فەرمویەتی:

(**مَن كان يؤمن بالله و اليوم الاخر فليكرم جاره**) . یان: (**من كان يؤمن بالله و اليوم الاخر فلا يؤذ جاره** ( واتە:) ئەو کەسەی باوەڕی بەخوا و ڕۆژی دوایی هەیە با ڕێز لە دراوسێ بگرێت( یان ) با ئازاری دراوسێی نەدات). چەند فەرمودەیەکی لەمبارە بۆ باسکردین لەوانە ئەم فەرمودە پیرۆزەی پێغەمبەری مەزن کە تێیدا دەفەرموێت: (**من كان يؤمن** ...) و پێغەمبەر (د.خ) شتێکی زۆر گرنگی باسکردوە، دەربارەی ڕێزگرتنی دراوسێ و ڕەچاوکردنی مافەکانی بە سەرتەوە لەوەش زیاتر بەڵکو دەفەرموێت (**مازال جبريل يوصيني بالجار حتى ظننت انه سيورثه**).

واتە:(جوبریل سەبارەت بە دراوسێ ئەوەندە ڕایدەسپاردم وامدەزانی کە میراتم لێدەگرێت) . جا پێغەمبەر (د.خ) وایزانی (کە موسوڵمان بەشی لە میراتی دراوسێی هەیە) و ئەمە بە واتای شوێنی بەرزی دراوسێ و مافەکانییەتی لە ئیسلامدا.

**گفتوگۆ:**

بە دوو نمونە باسی مافی دراوسێ بۆ دراوسێ بکە، بە فەرمودەش بەڵگەی بۆ بهێنەوە .

# وانەی شەشەم
# هاوڕێیەتی

پێغەمبەری ئازیز محەمەد (د.خ) دەفەرموێت: **(المرءُ على دينِ خليلهِ فليَنظُر أحدكم من يخالل)**.

واتا: (مرۆڤ لەسەر ڕەوشتی هاوڕێکەیەتی، جا هەر یەکێکتان با بڕوانێت هاوڕێیەتی کێ دەکات).

فەرهاد کە قوتابییەکی قۆناغی بنەڕتی بوو، لە باوکی پرسی: بابە گیان واتای هاوڕێیەتی چییە و چۆنە ؟

باوکی: هەڵبژاردنی کەسێك بۆ پەیوەندی، قسەکردن، گۆڕینەوەی بیروڕا لەگەڵیدا و هەروەها یارمەتیدانی لەکاتی پێویست و ئامۆژکاریکردنی بۆ دورکەوتنەوە لە لادان و شتی خراپ. یان لەم شتانەدا سودی لێوەربگرێت.

کوڕی شیرینم مرۆڤ بۆ ئەوەی لە ژیاندا بەردەوام و سەرکەوتو بێت پێویستی بە هۆگری و تێکەڵبوونە, نەك دابڕان و گۆشەگیری. ئەوەتا پێغەمبەری خودا (د.خ) دەفەرموێت: **(عليكُم بالجماعةِ، فانَّما ياكل الذئب من الغنم القاصية)**. واتا (پێویستە تێکەڵاوی کۆمەڵ بن چونکە گورگ لە مەڕی دورە پەرێز دەخوات).

**فەرهاد:** ئەی چۆن بتوانم لە هاوڕێیەتیدا سەرکەوتوبم, لە کاتێکدا هەندێك لە هاوڕێیان بە ناپاکی و پیلان و دوژمنایەتی ڕەفتار لەگەڵ یەك دەکەن؟! . تۆش بابە گیان ئەزمونی پترت لایە لەو بوارەدا.

**باوك :** کوڕم ، کەواتە تۆ لە خودی هاوڕێیەتی لاریت نییە، بەڵکو دوو دڵیت لە بنەماکانی هەڵبژاردنی.

**فەرهاد:** بەڵێ بابە گیان وایە.

**باوك :** کوڕی خۆم، پلان و (نەخشەی کردەییت) بۆ وێنا دەکەم کە سەرکەوتوبیت لەو بیرۆکەیەدا.

**فەرهاد:** باوکە، ڕۆژێك قوتابییەك شوشەی پەنجەرەکانی قوتابخانەی شکاند بە بیانوی دەرنەچوونی لە هەندێ وانەدا.

**باوك :** ئەی تۆ هیچت پێ نەگوت؟

**کـوڕ:** بەڵـێ ، گوتـم : بـرا گیـان بۆچـی ئـەو کارەت کـرد؟ ئایـا شـکاندنی ئـەو شوشـانە سـودت پێدەگەیەنێـت، یـان بـەو کارە دەچیتـە پۆلـی سـەروتر؟

**باوك** : ئەی وەڵامی ئەو چی بوو؟

**کـوڕ :** گوێـی بـۆ گرتـم و پەشـیمانی دەربـڕی، بەڵێنـی دا بەخۆیـدا بچێتـەوە و ئیتـر هەڵـەی وا نـەکات، داوای لێوردنیـش لـە مامۆسـتایان بـکات. باوکـە ئایا دەکرێـت هـەر کەسـێك بکەیـن بـە هـاوڕێ ؟

**بـاوك:** تەمـەن درێـژ بیـت کـوڕم. تـۆش هاوڕێیەتـی کەسـی دڵسـۆز و ڕوناکبیـر و بەئەمـەك و ڕەوشـت بـەرز و زیـرەك بکـە .

**فەرهاد:** بابە گیان ئەو مەرجانە لە نەوزاد بەدی دەکەم، کەواتە لە گەڵی دەبمە هاوڕێ.

**باوکـی:** ئافەریـن، کـوڕم چاکـت گـوت تـۆش ئەرکـت دەکەوێتـە سـەر بەرانبـەر هاوڕێیەکـەت، پێویسـتە جێبەجێـی بکەیـت.

**١- چالاکی :**

مامۆسـتا داوا لـە قوتابییـەك دەکات باسـی ئەزمونـی هاوڕێیەتـی سـەرکەوتوی خـۆی لەگـەڵ قوتابییەکـی پۆلەکـەی، یـان هـەر پۆلێکـی تـر، بـۆ قوتابییانـی تـر بـکات.

٢- چەند پرسیارێك:

ئـ - ئایا دەتەوێت بە تەنها بژیت یان لەگەڵ کەسانی تردا ؟

ب- ئایا هاوڕێیەتی کەسانی تر بەبێ بەرنامە و بیرکردنەوە دەکەیت؟ بۆچی؟

پ- کامیان بەسودە : گۆشەگیری، یان تێکەڵبون؟!.

٣- خۆم لەم بوارانەدا تاقیدەکەمەوە :

ئـ- ئەگەر هاوڕێیەك بە قسە هێرش بکاتە سەرم بە ناڕەوا، خۆڕاگر دەبم.

ب- ئەگەر هاوڕێیەکەم ناساغ بوو، سەردانی دەکەم.

٤- هاوڕێیەکەم تاقیدەکەمەوە :

ئـ- ئایا شاد دەبیت کە بزانێت لە کار و خوێندندا سەرکەوتوبووم ؟

ب- ئایا پێمدەڵێت کە منی خۆش دەوێت ؟

پ- ئایا نهێنییەکانم دەپارێزێت؟

# وانەی حەوتەم
# پاداشتی نوێژکردن لە مزگەوت

باوکی ڕێدار پۆشاکی خاوێن و تایبەتی پۆشی بوو، خۆی ئامادەی چوونە دەرەوە کردبوو (ڕێدار)ی کوڕی لێی پرسی: بابە گیان بۆ کوێ دەچیت؟

**باوکی:** کوڕی شیرینم دەچم بۆ مزگەوت، تا نوێژی بە کۆمەڵ لەگەڵ موسوڵمانان بکەم.

ڕێدار: نوێژکردن لە مزگەوت، بۆچی؟ گرنگیی مزگەوت چییە بابە گیان؟

**باوکی :** نوێژکردنی بە کۆمەڵ لە مزگەوت پاداشتی یەکجار زۆرترە لە نوێژێك بە تاك و لە ماڵەوە بکرێت، هۆی ئەو ئامادەبوونەی مزگەوت و بە کۆمەڵ نوێژکردنە بۆ زیندو ڕاگرتنی ئەو پیرۆزی و یادەیە کە یەکەم مزگەوت لەسەر دەمی ئیبراهیم (باوکی گشت پێغەمبەران (د.خ) دروستکرا.

کاتێك خودای میهرەبان فەرمانی پێکرد لە زەویدا و لە ناوەندی (مەککە)ی پیرۆزدا ماڵی خودا (کەعبە) دروست بکات، کە خودای گەورە لەگەڵ دروستکردنی ئاسمانەکان و زەویدا جێی بۆ دیاری کردبوو ناوی لێنا (المسجد الحرام) . خەڵکی بانگهێشت دەکرد سەردانی بکەن و داوای لە خودا کرد ئەو دەڤەرە ئارام و پڕ فەڕ و بەروبوم بێت . هۆکاری دروستکردنی ئەم ماڵە پیرۆزەش بۆ ئەوە بوو تا ببێتە مایەی بەرەکەت و هیدایەت.

دوای هاتنی ئایینی ئیسلامیش پێغەمبەرمان (د.خ) دووەم مزگەوتی پیرۆزی لەسەر بنەمای لەخودا ترسان لە (یثرب) دروستکرد و بەناوی ( مزگەوتی پێغەمبەر) ناسرا و شارەکەش لە (یثرب)ەوە کرا بە (المدینة المنورة) واتا شاری (ڕوناککراوە).

بەم شێوەیە مزگەوتی حەرام وەك یەکەم مزگەوت لەسەر ڕوی زەوی بنیات نرا و دواتر موسوڵمانان لە سەر هەمو زەوی ئیسلامدا مزگەوتیان دروستکردوە.

**ڕێدار :** بابە گیان، ئێستا دڵنیا بوم بۆچی ئەوەندە پەرۆشی نوێژکردنی لە مزگەوتدا. ئەگەر ڕێگەم بدەی لەگەڵت دێم بۆ مزگەوت .

**باوکی :** بێگومان، کوڕم پێمخۆشە فەرمو ئامادەبە بە یەکەوە بچین بۆ مزگەوت.

**چالاکی :**

- پێویستە مامۆستا ئەم ئایەتە بە کوردی ڕاڤە بکات (إِنَّ أَوَّلَ بَيْتٍ وُضِعَ لِلنَّاسِ لَلَّذِي بِبَكَّةَ مُبَارَكًا وَهُدًى لِلْعَالَمِينَ) (آل عمران٩٦).

- پێویستە مامۆستا واتای (البيت الحرام) ڕاڤە بکات.



# ناوەرۆك


| وانە | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| | پێشەكی | ٣ |
| | وەرزی یەكەم | ٤ |
| وانەی یەكەم | لەناوە پیرۆزەكانی خودا | ٥ |
| وانەی دووەم | گرنگی كاركردن | ٦ - ٧ |
| وانەی سێیەم | سورەتی (العصر) | ٨ - ٩ |
| وانەی چوارەم | دەست هەڵگرتن لە ئازاردان | ١٠ |
| وانەی پێنجەم | وازهێنان لە دەست وەردان لەكار و باری خەڵك | ١١ – ١٢ |
| وانەی شەشەم | دانایی پێغەمبەر (د.خ) | ١٣ – ١٤ |
| وانەی حەوتەم | هاوڕێیەتی پڕ سۆز و میهرەبانی | ١٥ – ١٦ |
| | سرود : بێداری | ١٧ |
| | وەرزی دووەم | ١٩ |
| وانەی یەكەم | سورەتی (القدر) | ٢١ |
| وانەی دووەم | سورەتی (الكوثر) | ٢٢ |
| وانەی سێیەم | گوێڕایەڵی خودا لە گوێڕایەڵی دایبابدایە | ٢٣ – ٢٤ |
| وانەی چوارەم | دڵسۆزی لە بەجێهێنانی ئەركدا | ٢٥ |
| وانەی پێنجەم | دراوسێیەتی باش | ٢٦ |
| وانەی شەشەم | هاوڕێیەتی | ٢٧ – ٢٨ |
| وانەی حەوتەم | پاداشتی نوێژكردن لە مزگەوت | ٢٩ - ٣٠ |
| | ناوەرۆك | ٣١ |
| | | |

# ئاو ئایندەیە بەفیڕۆی نادەم.

